{ وَكَانَ الإِمامُ الأَوْزَاعِيُّ يُجيزُ لَهُ الخُروج لِلْجِهَاد دُونَ إِذْنِ الدَّائِن }[٣٨]

واتاکەی: پێشەوا ئەوزاعی بەدروستی زانیوە دەرچوون بۆ جیهاد و تێکۆشان بەبێ ئیزن و مۆڵەتی خاوەن قەرز.

بەڵگەش لەسەر ئەوەی دروستە قەرزدار بچێتە جیهاد و تێکۆشان ئەم فەرموودەیە کە لەصحيح البخاري دا هاتووە بەژمارە: ٢٧٨١ و ٤٠٥٣: عَنِ الشَّعْبِيِّ ، قَالَ : حَدَّثَنِي جَابِرُبْنُ عَبْدِ اللَّهِ ، أَنَّ أَبَاهُ اسْتُشْهِدَ يَوْمَ أُحُدٍ، وَتَرَكَ سِتَّ بَنَاتٍ، وَتَرَكَ عَلَيْهِ دَيْنًا

[٣٧] تهذيب كتاب مشارع إلى مَصَارِعِ العُشَّاق

[٣٨] تهذيب كتاب مشارع الأشواق إلى مَصَارِع العُشَّاق

فەزڵی شەهیدبوون لە پێناو اللّە

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ

{ مَا مِنْ أَحَدٍ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ يُحِبُّ أَنْ يَرْجِعَ إِلَى الدُّنْيَا، وَأَنَّ لَهُ مَا عَلَى الْأَرْضِ مِنْ شَيْءٍ غَيْرُ الشَّهِيدِ، فَإِنَّهُ يَتَمَنَّى أَنْ يَرْجِعَ، فَيُقْتَلَ عَشْرَ مَرَّاتٍ ؛ لِمَا يَرَى مِنَ الْكَرَامَةِ } [٣٩]

واتای فەرموودەکە: **پێغەمبەر** ﷺ فەرموویەتی { هیچ کەسێک نییە بچێتە بەهەشتەوە پێی خۆش بێت بگەڕێتەوە بۆ دونیا، با هەرچی هەیە هی ئەویش بێت لەسەر زەوی، جگە لە شەهید نەبێ، شەهید خۆزگە دەخوازێت کە بگەڕێتەوە بۆ دونیا دە جار بمرێت و شەهید بکرێت لەبەر ئەو فەزڵ و ڕێز و گەورەییەی بینیویەتی و پێی ئەبەخشرێت - لە ئاخیرەت دا - }

واتای وشەکان

مَا مِنْ أَحَدٍ : هیچ یەکێک نیە، هیچ کەسێک نییە

مِنْ : وشەی مِنْ لەم فەرموودەیەدا زیادەیە، کەواتە بەم شێوەیەی لێ دێتەوە وَمَا أَحَدٌ

[٣٩] رواه : البخاري ومسلم والترمذي والنسائي وأحمد والدارمي وابن المبارك وابن حبان والبيهقي وغيرهم

يَدْخُلُ الْجَنَّةَ : بچێتە بەهەشت

يُحِبُّ أَنْ يَرْجِعَ : پێی خۆش بێت بگەڕێتەوە، حەزبکات بگەڕێتەوە

إِلَى الدُّنْيَا : بۆ دونیا

وَأَنَّ : وە بێگومان

لَهُ : بۆ ئەو هەبێت

مَا عَلَى الْأَرْضِ : ئەوەی لەسەر زەوی هەیە

مِنْ شَيْءٍ : لە شت، شَيْءٍ نەکیرەیە بچووکترین شت تا گەورەترین شت دەگرێتەوە

غَيْرُ الشَّهِيدِ : جگە لە شەهید

فَإِنَّهُ : جا بێگومان شەهید، ئەو هائە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی الشَّهِيد

يَتَمَنَّى : خۆزگە دەخوازێت، تەمەنا دەکات

أَنْ يَرْجِعَ : بگەڕێتەوە

فَيُقْتَلَ : جا بکوژرێ

عَشْرَ مَرَّاتٍ : دە جار، مَرَّاتٍ جەمع و کۆیە بۆ وشەی مَرَّة

لِمَا يَرَى : لەبەر ئەوەی ئەیبینێت، بەهۆی ئەوەی ئەیبینێت

مِنَ الْكَرَامَةِ : لەڕێز و گەورەیی و فەزڵ

ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم فەرموودەیە

فَإِنَّـهُ يَتَمَنَّـى أَنْ يَرْجِـعَ : ئەو هیـواو خـۆزگەیە ئەگەرچی لەخـودی خـۆی دا مەحـاڵە و نـایەتە دی بەڵام شـەهید ئەو خـۆزگەیە ئەخوازێـت لەبەر ئەو هەموو فەزڵ و گەورەییەی کە **اللَّه تَعالَى** دەیبەخشی بە شەهیدان

ابـن بطـال وتـوویەتی { **هَذَا الحَديثُ أَجَلُّ مَا جَاءَ فِي فَضْلِ الشَّهَادَةِ، قَالَ: وَلَيْسَ فِي أَعْمَالِ البِرِّ مَا تُبْذَلُ فِيهِ النَّفْسُ غيرَ الجِهَاد، فَلِذَلِكَ فِيهِ عَظمَ فِيهِ الثَّواب** }[٤٠]

واتـاکەی { ئەم فەرموودەیە گەورەترین فەرموودەیە هاتووە لەسەر فەزڵ و گەورەیی شەهید، وە وتـوویەتی ئیبن بەطال: هیچ کردەوەیەکی چاکە نییە کە گیـانی تێدا بەخـت کرێت جگە لە جهـاد و تێکۆشـان، هەر بـۆیەش پاداشـتی شەهید گەورەیە }

[٤٠] فتح الباري بشرح صحيح البخاري

ئەوەی بریندارکراوە لە پێناو اللَّه

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ

{ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَا يُكْلَمُ أَحَدٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ - وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَنْ يُكْلَمُ فِي سَبِيلِهِ - إِلَّا جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَاللَّوْنُ لَوْنُ الدَّمِ، وَالرِّيحُ رِيحُ الْمِسْكِ }[41]

واتای فەرموودەکە: **پێغەمبەر** ﷺ فەرموویەتی { سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، هیچ یەکێک بریندار ناکرێت لەپێناو **اللَّه تَعالَى** - وە **اللَّه تَعالَى** زاناترە بەو کەسەی لەپێناوی دا بریندار دەکرێ - ئیللا ئەو بریندار کراوە لەڕۆژی قیامەت دا دێت، ڕەنگەکەی ڕەنگی خوێنە، بۆنەکەی بۆنی میسکە }

واتای وشەکان

وَالَّذِي : سوێند بەوەی ، سوێند بە **اللَّه تَعالَى**

نَفْسِي : گیانی من ، نەفسی من

بِيَدِهِ : بەدەستییەتی، بەدەست ئەوە، بەدەست **اللَّه**یە

[41] رواه : البخاري و مسلم و الترمذي و النسائي و ابن ماجه و أحمد و مالك

لَا يُكْلَمُ : بریندار ناکرێت ، زامدار ناکرێ

أَحَدٌ : یەکێک، کەسێک

فِي سَبِيلِ اللَّهِ : لە ڕێگەی **اللَّه تَعالَى** ، لەپێناو **اللَّه تَعالَى**، لە جیهاد و تێکۆشان دا

وَاللَّهُ أَعْلَمُ : وە **اللَّه تَعالَى** زاناترە

بِمَنْ : بەو کەسەی

يُكْلَمُ : زامدار دەکرێ ، بریندار دەکرێ

فِي سَبِيلِهِ : لە پێناو خۆی دا ، لەڕێگای خۆی دا ، لەپێناو **اللَّه تَعالَى**

إِلَّا جَاءَ : ئیللا دێت (کەسە بریندار کراوەکە دێت) خۆی جَاءَ کاری ڕابردووە بەواتای هات دێت

يَوْمَ الْقِيَامَةِ : ڕۆژی قیامەت

اللَّوْنُ : ڕەنگی { ڕەنگی خوێنی بریندارکراوەکە }

لَوْنُ الدَّمِ : ڕەنگی خوێنە

الدَّمِ : خوێن

الرِّيحُ : بۆن { بۆنی خوێنی بریندارکراوەکە }

رِيحُ الْمِسْكِ : بۆنی میسکە

ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم فەرموودەیە

وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَنْ يُكْلَمُ فِي سَبِيلِهِ : ابن عبد البر وتوویەتی دەربارەی، وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَنْ يُكْلَمُ فِي سَبِيلِهِ، { دَلِيلٌ عَلَى أَنَّهُ لَيْسَ كُلُّ مَنْ خَرَجَ إِلَى الغَزْوِ تَكُونُ هَذِهِ حَالُهُ حَتَّى تَصِحَّ نِيَّتُهُ وَيَعْلَمَ اللَّهُ مِنْ قَلْبِهِ أَنَّهُ خَرَجَ يُرِيدُ وَجْهَهُ، وَمَرْضَاتَهُ..... }[٤٢]

واتاکەی { ئەم برگەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەرج نییە هەرکەسێک بچێتە جەنگ و جیهاد ئەوە حاڵی بێت تا ئەو کاتەی نیەتی چاک و پاک دەکات، وە **اللّه** زانایە بە دڵی ئەو کەسە، کە ئایا دەرچووە لەبەر ذاتی **اللّه** و مەبەستی ڕەزامەندی **اللّه** بووە .... }

وَاللَّوْنُ لَوْنُ الدَّمِ، وَالرِّيحُ رِيحُ الْمِسْكِ: قَالَ ابن عبد البر { هَذَا مِنْ أَحْسَنِ حَدِيثٍ فِي فَضْلِ الغَزْوِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، والحَضِّ عَلَى الثُّبُوتِ عِنْدَ لِقَاءِ العَدُوِّ}[٤٣]

واتاکەی { ئەو فەرموودەیە چاکترین فەرموودەیە لەسەر فەزڵ و گەورەیی جیهاد کردن لە پێناو **اللّه** و هاندان لەسەر جێگیربوون لەکاتی گەیشتن بەدوژمن دا }

ئەو کەسەی لە پێناو **اللّه تعالَى** دا بریندار دەکرێ ئەو خوێنەی کە لێی دێت ڕەنگەکەی هەمان ڕەنگی خوێنە بەڵام بۆنەکەی وەکوو بۆنی میسک وایە لە ڕۆژی قیامەت دا

---

[٤٢] الإستذكار: ٥ / ٩٩

[٤٣] التمهيد: لابن عبد البر

حەزکردن و خۆزگە خواستن بە شەهید بوون

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ

{ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوَدِدْتُ أَنِّي أُقْتَلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، ثُمَّ أُحْيَا، ثُمَّ أُقْتَلُ، ثُمَّ أُحْيَا، ثُمَّ أُقْتَلُ، ثُمَّ أُحْيَا ثُمَّ أُقْتَلُ }[٤٤]

واتای فەرموودەکە: **پێغەمبەر** ﷺ فەرموویەتی {سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە بێگومان پێم خۆشە بکوژرێم لە پێناو **اللَّه تَعالَى** پاشان زیندوو بکرێمەوە، پاشان بکوژرێمەوە پاشان زیندوو کرێمەوە، پاشان بکوژرێمەوە پاشان زیندووکرێمەوە، پاشان بکوژرێمەوە }

واتای وشەکان

وَالَّذِي : سوێند بەوەی ، سوێند بە **اللَّه**

نَفْسِي : گیانی من

بِيَدِهِ : بەدەستییەتی، بەدەست ئەوە، بە دەست **اللَّه** یە

وَدِدْتُ : پێم خۆش بوو

أَنِّي : بێگومان من

أُقْتَلُ : بکوژرێم

فِي سَبِيلِ اللَّهِ : لەڕێگای **اللَّه تَعالَى**، لە جیهاد دا

ثُمَّ : پاشان

أُحْيَا : زیندووبکرێمەوە

[٤٤] رواه : البخاري و مسلم و النسائي وابن ماجه ومالك وأحمد والدارمي وغيرهم

ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر فەرموودەکە:

قَالَ ابن الملقن { أَنَّ بَعْضَ النَّاسِ زَعَمَ أَنَّ قَوْلَهُ: وَدِدْتُ " مُدْرَجٌ مِنْ كَلامِ أَبي هُرَيْرَةَ، قَالَ: وَهُوَ بَعيدٌ }

واتاکەی { بەڕاستی هەندێک لە خەڵکی وا گومانیان بردووە وتەی وَدِدْتُ ئەم زیادەیە قسەی ئەبو هورەیرەیە، ابن الملقن وتوویەتی ئەمە شتێکی دوورە بەڵکوو وتەی **پێغەمبەرە** ﷺ }

أُقْتَلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ : هەندێ لەو زانایانەی شەرحی ئەم فەرموودەیان کردووە لێیان تێکەڵ بووە و وتوویانە ئەو پێخۆش بوونە بۆ **پێغەمبەر** ﷺ و لەگەڵ وەشدا **پێغەمبەر** ﷺ زانیویەتی کەوا ناکوژرێ، ابن التين وەڵامی ئەوەی داوەتەوە و دەڵێت { بِأَنَّ ذَلِكَ لَعَلَّهُ كَانَ قَبْلَ نُزُولِ قَوْلِهِ تَعَالَى { وَاللَّهُ يُعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ }

واتا: ئەو پێخۆش بوونەی **پێغەمبەر** ﷺ بۆ شەهیدبوون ڕەنگە پێش هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە بوو بێت { وَاللَّهُ يُعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ } واتا { **اللَّه تَعالَى** دەتپارێزێت لە دەستی خەڵکی }

لە پاشان مەرج نیە هەموو پێخۆش بوونێک بۆ هاتنەدی بێت، هەروەک **پێغەمبەر** ﷺ فەرموویەتی { **يَرْحَمُ اللَّهُ مُوسَى، لَوَدِدْتُ أَنَّهُ كَانَ صَبَرَ حَتَّى يُقَصَّ عَلَيْنَا مِنْ أَخْبَارِهِمَا** } رواه مسلم وغيره

کوژراو لە پێناو اللَّه بۆ بەهەشتە

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ

{ يَضْحَكُ اللَّهُ إِلَى رَجُلَيْنِ يَقْتُلُ أَحَدُهُمَا الْآخَرَ، يَدْخُلَانِ الْجَنَّةَ، يُقَاتِلُ هَذَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيُقْتَلُ، ثُمَّ يَتُوبُ اللَّهُ عَلَى الْقَاتِلِ فَيُسْتَشْهَدُ }[٤٥]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی { **اللَّه تَعالَى** پێ ئەکەنێت بە دوو پیاوان یەکێکیان ئەوی تریان ئەکوژێت، هەردووکیان ئەچنە بەهەشتەوە، ئەویان ئەجەنگێ لە پێناو **اللَّه تَعالَى** جا ئەکوژرێت، پاشان **اللَّه تَعالَى** تەوبە لە بکوژەکە قەبوڵ دەکات پاشان ئەویش شەهید دەکرێت }

واتای وشەکان

يَضْحَكُ اللَّهُ : **اللَّه تَعالَى** پێ ئەکەنێت (پێکەنینێک لە جوانی خۆی بوەشێتەوە دوور لە پێکەنینی دروستکراوەکانی)

إِلَى رَجُلَيْنِ : بۆ دوو پیاوان

[٤٥] رواه : البخاري ومسلم والنسائي وابن ماجه ومالك وأحمد وابن خزيمة وابن حبان والبيهقي

يَقْتُلُ : دەکوژێ

أَحَدُهُمَا : یەکێکیان، یەکێک لەو دوو پیاوە، وشەی هُمَا دەگەڕێتەوە بۆ رَجُلَيْنِ

الْآخَرَ : ئەوی تریان

يَدْخُلَانِ الْجَنَّةَ : دەچنە بەهەشتەوە، ئەو دوو پیاوە دەچنە بەهەشتەوە

يُقَاتِلُ هَذَا : ئەویان دەجەنگێ

فِي سَبِيلِ اللَّهِ : لە پێناو اللَّه

فَيُقْتَلُ : جا دەکوژرێ

ثُمَّ : پاشان

يَتُوبُ اللَّهُ عَلَى الْقَاتِلِ : اللَّه تەوبە لە بکوژەکە وەردەگرێت (مسوڵمان دەبێت بکوژەکە)

فَيُسْتَشْهَدُ : جا شەهید دەکرێت، پاشان بکوژەکەش شەهید دەبێت لە پێناو اللَّه تَعالَى دا، بە شەهیدی دەمرێت

چەند ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەم فەرموودەیە

يَضْحَكُ اللَّهُ : **اللَّه تَعالَى** پێ ئەکەنێت، یەک لە صیفەتەکانی **اللَّه تَعالَى** پێکەنینە بەڵام پێکەنینێک لە جوانی و گەورەیی خۆی بوەشێتەوە دوور لە پێکەنینی دروستکراوەکانی ئەمەش وتەی سەلەفە، بەڵام ابن الجوزي و الخطابي و ابن حجر و النووی و هاوشێوەکانیان دەڵێن مەبەست لە پێکەنین بریتیيە لە ڕازی بوون و ڕەحمەت ئەوە ڕاست نیيە و مەزهەبە باتڵەکەی جەهمییەکان و موعتەزیلەکان و ئەشعەرییەکانە، **اللَّه تَعالَى** لە شەڕیان بمان پارێزێت

فِي سَبِيلِ اللَّهِ : بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای تەوحید و **لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه**

فَيُسْتَشْهَدُ : أي : يموتُ شَهيداً، بە شەهیدی دەمرێت

يَدْخُلَانِ الْجَنَّةَ : هەردووکیان دەچنە بەهەشتەوە

ابن عبد البر وتوویەتی { **يُسْتَفَادُ مِنْ هَذا الحَديثِ أَنَّ كُلَّ مَنْ قُتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَهُوَ فِي الجَنَّةِ** }

واتاکەی { ئەم فەرموودەیە سوودی ئەوەی لێوەردەگیرێت بێگومان هەر کەسێک بکوژرێت لە پێناو **اللَّه تَعالَى** دا ئەوە لە بەهەشتە }

يَتُوبُ اللَّهُ عَلَى الْقَاتِلِ : **اللَّه** تەوبە لە بکوژ وەردەگرێت، عیبرەت بە کۆتاییەو عاقیبەت گرنگە، موجاهید ئەکوژێ و پاشان تەوبە دەکات کەچی **اللَّه تَعالَى** لێشی خۆش دەبێ و دەشیباتە بەهەشتەوە

کوژراو لەپێناو اللّه بۆ بەهەشتە

عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ : قَالَ رَجُلٌ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَوْمَ أُحُدٍ { أَرَأَيْتَ إِنْ قُتِلْتُ فَأَيْنَ أَنَا ؟ قَالَ : فِي الْجَنَّةِ " فَأَلْقَى تَمَرَاتٍ فِي يَدِهِ، ثُمَّ قَاتَلَ حَتَّى قُتِلَ }[٤٦]

واتای فەرموودەکە: جابری کوڕی عبدالله فەرموویەتی پیاوێک لەڕۆژی ئوحود بەپێغەمبەری فەرموو { هەواڵم بدێ ئەگەر کوژرام لەپێناو **اللّه** شوێنم کوێیە؟ **پێغەمبەر** ﷺ فەرمووی لە بەهەشتە ، جا ئەم پیاوە ئەو چەند خورمایەی لەناو دەستی بوو فڕێی دا ، لەپاشان جەنگا تاوەکوو کوژرا)

واتای وشەکان

رَجُلٌ : پیاوێک

يَوْمَ أُحُدٍ : ڕۆژی ئوحود ، جەنگی ئوحود

أَرَأَيْتَ : هەواڵم بدێ ، پێم ڕابگەینە

إِنْ : ئەگەر

قُتِلْتُ : کوژرام

أَيْنَ : لە کوێ

[٤٦] رواه : البخاري ومسلم والنسائي وابن المبارك والحميدي وأحمد وأبو يعلى والبيهقي

أَنَا : من

فِي الْجَنَّةِ : لەبەهەشت

أَلْقَى : فڕێی دا ، تێی هەڵدا

تَمَرَاتٍ : خورمایەکان، تَمَرَات کۆی تَمْرَة یە تَمْرَة واتا یەک خورما

قَاتَلَ : جەنگا ، شەڕی کرد

حَتَّى : هەتا ، تاوەکوو

قُتِلَ : کوژرا ، شەهیدکرا

ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر فەرمووەکە

إِنْ قُتِلْتُ : أي : إنْ قَتَلَنِي العَدُوُّ ، ئەگەر دوژمن منی کوشت

فِي الْجَنَّةِ : ثُبُوتُ الْجَنَّةِ لِلشَّهِيدِ: جێگیرکردنی بەهەشت بۆ کەسی شەهید

هـاوەڵانی **پێغەمـــبەر** ﷺ خۆشەویستییەکی تەواویـان هەبـووە بـۆ سەرخستنی ئیسلام و مردن لە پێناوی **الـلَّه تَعـالَى** دا بـۆیە حەزناکات ئەو چەند دەنکە خورمایە تاخیری بکات بۆ چوونە بەهەشتەکەی **اللَّه**

کوژراو لەپێناو اللَّه بۆ بەهەشتە

عَنِ الْبَرَاءِ ، قَالَ { جَاءَ رَجُلٌ مِنْ بَنِي النَّبِيتِ قَبِيلٍ مِنَ الْأَنْصَارِ، فَقَالَ : أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَ أَنَّكَ عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ. ثُمَّ تَقَدَّمَ، فَقَاتَلَ، حَتَّى قُتِلَ، فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : عَمِلَ هَذَا يَسِيرًا، وَأُجِرَ كَثِيرًا }[٤٧]

واتای فەرموودەکە: لە بەڕائی کوڕی عازیبەوە فەرموویەتی {پیاوێک هات لەبەنی نەبیت کە بەرەیەکن لە ئەنصار، جا فەرموی: شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێک نییە بپەرستێت بەحەق و ڕاستی جگە لە **اللَّه تَعالَى** نەبێت، وە بێگومان تۆش بەندە و نێردراوی **اللَّەی**، پاشان پێشکەوت و جەنگا هەتا کوژرا، **پێغەمبەر** ﷺ فەرموی: ئەم پیاوە کردەوەی کەم کرد و پاداشتی زۆری پێدرا }

واتای وشەکان

جَاءَ رَجُلٌ : پیاوێک هات

مِنْ بَنِي النَّبِيتِ : لەنەوەی نەبیت، نەوەی نەبیت هۆزێکن لە ئەنصار

[٤٧] رواه : البخاري و مسلم وأحمد وابن أبي شيبة والطيالسي وابن حبان وابن مندة والبيهقي وأبو عوانة

قَبِيلٍ مِنَ الْأَنْصَارِ : کۆمەڵێکن لە یاریدەدەران، قَبِیل واتا جەماعەت و کۆمەڵ وەک فەیومی وای وتووە

فَقَالَ : جا پیاوەکە وتی

أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَـهَ إِلَّا اللَّهُ : شایەدی دەدەم کە هیچ پەرستراوێک نیە بپەرستێت بەحەق و ڕاستی جگە لە **اللّه** نەبێ

وَ أَنَّكَ عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ : وە بێگومان تۆ بەندە و نێردراوی **اللّه تَعالَى** ی

ثُمَّ تَقَدَّمَ : پاشان پێش کەوت، پێش کەوت بەرەو ڕووی دوژمن

فَقَاتَلَ : جا جەنگا، پاشان شەڕی کرد

حَتَّى قُتِلَ : هەتا کوژرا

فَقَالَ النَّبِيُّ : **پێغەمبەر**ﷺ فەرمووی

عَمِلَ هَذَا يَسِيرًا : ئەو پیاوە کردەوەی کەم کرد

وَأُجِـرَ كَثِيـرًا : پاداشـتێکی زۆری درایەوە، پاداشـتی زۆری پێـدرا، پاداشتێکی زۆری پێبەخشرا

ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر فەرموودەکە

لە صەحیحی بوخاری دا بەم شێوەیە هاتووە ئەو پیاوە دەڵێت { يَا رَسُولَ اللَّهِ، أُقَاتِلُ وَأُسْلِمُ ؟ قَالَ : أَسْلِمْ ثُمَّ قَاتِلْ " فَأَسْلَمَ ثُمَّ قَاتَلَ، فَقُتِلَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : عَمِلَ قَلِيلًا وَأُجِرَ كَثِيرًا }[٤٨]

واتـاکەی: ئەی نێردراوی **اللّه** بجەنگم و مسوڵمان بم ؟ **پێغەمبەر** ﷺ فەرمووی مسوڵمانبە پاشان بجەنگە، جا مسوڵمان بوو پاشان جەنگاو شەڕی کرد، پاشان کوژرا، **پێغەمبەر** ﷺ فەرمووی ئەم پیاوە کردەوەی کەم کرد و پاداشتی زۆری پێدرا }

يَسِيرًا : سیفەتە بۆ مەصدەرێکی ڕەشکراو، وای لێ دێتەوە عَمَلًا يَسِيرًا کردەوەیەکی کەم

وَأُجِرَ كَثِيرًا : أي أعطي أجرا كثيرا ، پاداشتێکی زۆری پێبەخشرا، چونکە کوژراو لە پێناو **اللّه تعالى** بۆ بەهەشتە وەک لە فەرموودەکانی ڕابردوودا باسمان کرد

قَالَ **الحسن البصري** رَحِمَهُ اللَّه { **إِنَّ لِكُلِّ طَرِيقٍ مُخْتَصَراً وَ مُخْتَصَرُ طَرِيقِ الجَنَّةِ الجِهادُ** }[٤٩]

---

[٤٨] رواه البخاري

[٤٩] حلية الأولياء

واتـــاکەی: پێشـەوا حەسـەنی بەسـرِی فەرمـوویەتی { بێگومـان بـۆ هەمـوو رِێگایەک کورت کراوەیەک هەیە، وە کورت کراوەی رِێگای بەهەشـتیش بریتییە لە جیهاد و تێکۆشان }

قَـالَ شَـيخ الإِسـلام إبـن تَيمِيـة رَحِمَـهُ **اللَّـهُ تَعَـالَى** { **مَنْ كَانَ كَثِيرُ الـذُّنُوبِ فَأَعْظَمُ دَوَائِهِ الجِهَادُ** }[٥٠]

واتـــاکەی: ئیـبن تەیمـیە فەرمـوویەتی { هەرکەسـێک گونـاهو تـاوانی زۆرە گەورەترین چارەسەری بریتییە لە کردنی جیهاد و تێکۆشان }

[٥٠] مَجْموع الفتاوى

ئەزیەت و ئازاری مردنی شەهید

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ

{ مَا يَجِدُ الشَّهِيدُ مِنْ مَسِّ الْقَتْلِ، إِلَّا كَمَا يَجِدُ أَحَدُكُمْ مِنْ مَسِّ الْقَرْصَةِ }[٥١]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی {کەسی شەهید ئەزیەت و ئازاری کوشتن نابینێت، مەگەر وەکوو ئەوەی یەکێک لە ئێوە لە ئەزیەت و ئازاری قونجورکەیەک ئەیبینێت }

واتای وشەکان

مَا يَجِدُ الشَّهِيدُ : شەهید نابینێت، هەست ناکات شەهید

مِنْ مَسِّ الْقَتْلِ : لە ئەزیەت و ئازاری کوشتن و مردن

إِلَّا كَمَا يَجِدُ : مەگەر وەکوو ئەوە بیبینێت

أَحَدُكُمْ : یەکێک لە ئێوە

مِنْ مَسِّ : لە ئەزیەت و ئازاری

مَسِّ : ئەزیەت و ئازار

الْقَرْصَةِ : قونجورکە، قونجرک گرتن، قونجیلکە، گرتنی گۆشتی کەسێک بە دوو پەنجان

[٥١] رواهُ : التِّرْمِذي والنسائي وابن ماجة وأحمد والطبراني، صَحَّحَهُ سُلَيْمانُ بنُ ناصرِ العُلْوانُ

ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر فەرموودەکە

وشەی شەهید واتا کوژراو لە پێناو **اللَّه تَعالَى**

پرسیار/ بۆچی ناونراوە بە شەهید ؟

وەڵام/ **ئیبن ئەنباری** دەڵێت { **سُمِّيَ شَهِيداً لِأَنَّ اللَّهَ وَ مَلائِكَتَهُ يَشْهَدُونَ لَهُ بِالجَنَّة** }

واتاکەی { بۆیە ناونراوە شەهید چونکە **اللَّه تَعالَى** و مەلائیکەتەکانی شایەدی بەهەشتی بۆ دەدەن }

وە وتراوە دەربارەی { **سُمِّيَ بِذَلِكَ لِأَنَّهُ عِنْدَ خُروجِ رُوحِهِ يَشْهَدُ مَا أَعَدَّ اللَّهُ لَهُ مِنَ الثَّوابِ والكَرامَةِ** }

واتاکەی: بۆیە ناونراوە شەهید چونکە لە کاتی دەرچوونی ڕوحی دا ئەوەی **اللَّه** ئامادەی کردووە لە پاداشت و ڕێز دا ئەیبینێ }

هەر لە فەزڵ و گەورەیی شەهید فەرموودەیەک باس دەکرێت لە **پێغەمبەرەوە** ﷺ، ئەگەرچی فەرموودەکەش قسەی لەسەرە و هەیە لە زانایان دەفەرموێت فەرموودەیەکی لاوازە، ئەوەش فەرموودەکەیە { **لِلشَّهِيدِ عِنْدَ اللَّهِ سِتُّ خِصَالٍ : يُغْفَرُ لَهُ فِي أَوَّلِ دَفْعَةٍ، وَيَرَى مَقْعَدَهُ مِنَ الْجَنَّةِ، وَيُجَارُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَيَأْمَنُ مِنَ الْفَزَعِ الْأَكْبَرِ، وَيُوضَعُ عَلَى رَأْسِهِ تَاجُ**

الْوَقَارِ، الْيَاقُوتَةُ مِنْهَا خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا، وَيُزَوَّجُ اثْنَتَيْنِ وَسَبْعِينَ زَوْجَةً مِنَ الْحُورِ الْعِينِ، وَيُشَفَّعُ فِي سَبْعِينَ مِنْ أَقَارِبِهِ}[٥٢]

واتای فەرموودەکە { بۆ شەهید هەیە لەلای **اللَّه تَعالَى** شەش ڕەوشت و خەسڵەت، لەگەڵ دەرچوونی یەکەم دڵۆپە خوێنێ لە هەموو تاوانێکی دەبوردرێ، وە شوێنی خۆی دەبینێت لە بەهەشت دا، وە لە سزای گۆڕ دەپارێزرێت، وە لە ترسە گەورەکە ئەمین دەبێت، وە تانجی ڕێزی لەسەر سەر دادەنرێت یەک یاقوت لەو تانجە لە دونیا و ئەوەی تێیدایە باشترە وە حەفتا و دوو حۆری چاوگەشی پێ دەدرێ، وە شەفاعەت دەکات بۆ حەفتا کەس لە کەسە نزیکەکانی }

قَالَ **سلیمان بن ناصر العلوان** { **وَلَا يَخْتَلِفُ أَنَّ مَنْزِلَةَ الشَّهِيدِ فِي الجَنَّةِ مِنْ أَعْظَمِ المَنَازِلِ، وَدارَهُ مِنْ أَحْسَنِ وَأَفْضَلِ الدُّورِ، وَمَيْتَتُهُ مِنْ أَيْسَرِ المَيْتاتِ وَ أَفْضَلِها، وَ أَنَّهُ تَعَالَى يَجْعَلُ فِي قَلْبِ المُجَاهِدِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ قُوَّةً وَثَبَاتاً وَإِقْداماً مَا لا يَجْعَلُهُ فِي قَلْبِ غَيْرِهِ، فَلا يَخافُ مِنَ العَدُوِّ، وَلا يَرْهَبُ قُوَّتَهُمْ وَلا كَثْرَتَهُمْ** }[٥٣]

واتاکەی: سولەیمانی کوڕی ناصر العلوان وتوویەتی { جیاوازی نییە لەوەی بێگومان پلە و پایەی شەهید لە بەهەشت دا لەگەورەترینی پلەو پایەکانە، وە مانڵی شەهید لە جوانترین و باشترینی ماڵەکانە، وە مردنەکەی ئاسانترین و

[٥٢] رَوَاهُ التِّرْمِذي وابن ماجة وأحمد

[٥٣] الأربعون الجهادية

باشترینی مردنەکانە، وە **اللَّه تَعـالَى** لەدڵی موجاهیدی لە پێناو خۆی دا هێز و ثەبات و بوێری داناوە، کە لەدڵی یەکێکی تری دانەناوە جگە لە دڵی شەهید نەبێ، موجاهید ناترسێت لە دوژمن، وە هەڵنایێت لەبەر هێزو قوەتیان، وە هەڵنایێت لە ژمارە زۆری دوژمن }

داواکردنی شەهیدی لە اللَّه تَعالَی

قَالَ رَسُولُ اللَّه ﷺ

{ مَنْ سَأَلَ اللَّهَ الشَّهَادَةَ بِصِدْقٍ بَلَّغَهُ اللَّهُ مَنَازِلَ الشُّهَدَاءِ، وَإِنْ مَاتَ عَلَى فِرَاشِهِ }[٥٤]

واتای فەرموودەکە: **پێغەمبەر** ﷺ فەرموویەتی {هەرکەسێک داوای شەهیدی کرد لە **اللَّه تَعالَی** بەڕاستگۆیی، ئەوە **اللَّه تَعالَی** دەیگەیەنێتە پلەی شەهیدان ئەگەرچی لەسەر جێگایەکەی خۆشی دا مردبێت }

واتای وشەکان

مَنْ : هەرکەسێک

سَأَلَ : داوای کرد

الشَّهَادَةَ : شەهیدی

بِصِدْقٍ : بەڕاستگۆیی

[٥٤] رواه : مسلم وأبو داود والنسائي والترمذي وابن ماجه والدارمي والطبراني وابن حبان والبيهقي وابن المبارك وغيرهم

بَلَّغَهُ اللَّهُ : **اللَّه تَعالَى** دەیگەیەنێت، **اللَّه** ئەو کەسە دەگەیەنێت، بَلَّغَهُ ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی مَنْ

مَنَازِلَ : مَنَازِلَ جەمع و کۆیە بۆ وشەی مَنْزِل، مَنْزِل واتا پلە ، روتبە، مَنْزِل بەواتای ماڵیش دێت

الشُّـهَدَاءِ : شـەهیدەکان، وشـەی الشُّـهَدَاءِ جەمـع و کـۆیە بـۆ وشـەی شَـهید

مَنَازِلَ الشُّهَدَاءِ : پلەی شەهیدان

إِنْ : ئەگەر

مَاتَ : مرد

عَلَى : لەسەر

فِرَاشِهِ : جێگاکەی، جێگای خۆی

چەند ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەم فەرموودەیە

وَإِنْ مَاتَ عَلَى فِرَاشِهِ : أي: وَإِنْ لَمْ يُقْتَلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، ئەگەر چی نەکوژرابێت لە جیهاد لە پێناو **اللّه تعالَى**

بِصِدْقٍ : لِأَنَّ الصِّدْقَ مِعْيارُ الأَعْمال ، چونکە ڕاستگۆیی پێوانی کردەوەکانە

ئەم فەرمودەیە بە شێوەی تریش هاتووە لە **پێغەمبەرەوە** ﷺ، بەم شێوەیە { **مَنْ طَلَبَ الشَّهَادَةَ صَادِقًا أُعْطِيَهَا وَلَوْ لَمْ تُصِبْهُ** }[٥٥]

واتای فەرمودەکە { هەرکەسێک داوای شەهادەت بکات بەڕاستگۆیی ئەوە پێی دەبەخشرێت ئەگەر تووشیشی نەبوو بێت }

پیاو چاکانی ئوممەت داوای شەهیدیان کردووە لە اللە تعالی

پێشەوا **عومەری کوڕی خەتاب** فەرموویەتی { **اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ شَهَادَةً فِي سَبِيلِكَ وَوَفَاةً بِبَلَدِ رَسُولِك صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ~ فَاسْتَجابَ اللَّهُ لَهُ وَرَزَقَهُ الشَّهَادَةَ فِي المَدِينَة**}[٥٦]

---

[٥٥] رواه مسلم

[٥٦] رواه البخاري

واتاکەی { ئەی **اللَّه تَعالَى** من داوای شەهیدیت لێ دەکەم لەپێناو خۆت، وەداوات لێ دەکەم بمرم لەشاری **پێغەمبەرەکەت** ﷺ~ **اللَّه تَعالَى** داوایەکەی وەرگرت و شەهیدی پێ بەخشی لەشاری مەدینەدا }

وە **عەمری کوڕی عاص** فەرموویەتی { **شَهِدْتُّ أَنا وَأَخي هِشامٌ مَعْرَكَةَ اليَرْمُوك ، فَبِتْنَا نَدْعُو اللَّهَ أَنْ يَرْزُقَنَا الشَّهادَةَ، وَلَمَّا أَصْبَحْنَا رَزَقَهُ اللَّهُ الشَّهَادَةَ وَحَرَمَنِي إِيَّاهَا**}[٥٧]

واتاکەی: { من و هیشامی برام ئامادەی شەڕی یەرموک بووین ، جا شەو ماینەوە داوامان لە **اللَّه تَعالَى** کرد کە شەهیدیمان پێ ببەخشێت، لەوکاتەی بەیانیمان کردەوە **اللَّه تَعالَى** شەهیدی بەخشی بەهیشام و منیش بێبەش بووم لێی }

فەزڵ و گەورەیی شەهید لە قورئان دا

اللَّه تَعالَى فەرموویەتی { وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَٰئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ ۚ وَحَسُنَ أُولَٰئِكَ رَفِيقًا}
[سورة النساء : ٦٩]

واتاکەی { هەرکەسێک گوێڕایەڵی **اللَّه** و **پێغەمبەرەکەی** ﷺ بکات ئەوە لەگەڵ ئەو کەسانەیە - لە قیامەتدا -کە **اللَّه** نیعمەتی خۆی بەسەردا

[٥٧] کتاب: تهذیب کتاب مشارع الأشواق إلى مصارع العشاق

باراندوونه له پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و چاکەکاران، ئەوانەش جوانترین و باشترین دۆست و ڕەفیقن مرۆڤ دۆستایەتیان بکات }

وە اللَّه تَعالَى فەرموویەتی { إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَىٰ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ } [سورة التوبة : ١١١]

واتاکەی { بێگومان **اللَّه تَعالَى** گیان و ماڵی لە بڕواداران کڕیوە لەبری ئەوەدا بەهەشتیان پێدەبەخشێت }

لە ئایەتێکی تردا **اللَّه تَعالَى** فەرموویەتی { وَلَا تَقُولُوا لِمَن يُقْتَلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتٌ ۚ بَلْ أَحْيَاءٌ وَلَٰكِن لَّا تَشْعُرُونَ }[سورة البقرة : ١٥٤]

واتاکەی { بەو کەسە مەڵێن مردوو کە لە پێناو **اللَّه تَعالَى** دەکوژرێ، بەڵکو زیندوونە بەڵام ئێوە هەستی پێ ناکەن }

وە هەروەها دەفەرموێت { وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا ۚ بَلْ أَحْيَاءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ }[سورة آل عمران : ١٦٩]

واتاکەی { وا گومان مەبەن بەوانەی کوژراون لە پێناو **اللَّه تَعالَى** مردوون، بەڵکوو ئەوانە زیندوون لەلای پەروەردیگاریان ڕزق و ڕۆزیان پێ دەدرێ }

ئایەت زۆر هاتووە دەربارەی گەورەیی موجاهیدان و شەهیدان بەڵام ئەوەندە کافیە و دڕێژتری ناکەمەوە

فەزڵی دەرچوون بۆ جیهاد له پێناو اللَّه تَعالَى دا

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ

{ تَكَفَّلَ اللَّهُ لِمَنْ جَاهَدَ فِي سَبِيلِهِ لَا يُخْرِجُهُ مِنْ بَيْتِهِ إِلَّا جِهَادٌ فِي سَبِيلِهِ، وَتَصْدِيقُ كَلِمَتِهِ بِأَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ، أَوْيَرْجِعَهُ إِلَى مَسْكَنِهِ الَّذِي خَرَجَ مِنْهُ، مَعَ مَا نَالَ مِنْ أَجْرٍ، أَوْغَنِيمَةٍ }[٥٨]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی {**اللَّه تَعَالَى** لەسەر خۆی پێویستکردووە بۆ ئەو کەسەی کە لە پێناوی دا تێدەکۆشێت، هیچ شتێک ئەو کەسەی دەرنەهێنابێت لەماڵەکەی دا بێجگە لە تێکۆشان لە پێناو خۆیی و بەڕاست دانانی وشەی خۆی، بەوەی بیخاتە بەهەشتەوە - ئەگەر کوژرا - یان بیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ماڵەی کە لێی دەرچووە لەگەڵ ئەوەشی بەدەستی هێناوە لە ئەجر و پاداشت دا یان لە غەنیمەت و دەستکەوت دا }

[٥٨] رواه : البخاري ومسلم والنسائي وابن ماجه ومالك وابن المبارك وأحمد والدارمي وابن حبان والبيهقي

واتای وشەکان

تَكَفَّلَ اللَّه : **اللّه** لە ئەستۆی گرتووە، لەسەر خۆی پێویست کردووە، خۆی پابەند کردووە، **اللّه** زامینی کردووە

لِمَنْ : بۆ ئەو کەسەی

جَاهَدَ : جیهادی کرد، تێکۆشا

فِي سَبِيلِهِ : لە پێناو خۆی، لە پێناو **اللّه تَعالَى**، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی **اللّه**

لَا يُخْرِجُهُ : دەری نەکات، ئەو کەسە دەر نەهێنێت، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی مَنْ

إِلَّا الْجِهَادُ فِي سَبِيلِهِ : ئیللا تێکۆشان لە پێناو خۆی نەبێ، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی **اللّه**

وَتَصْدِيقُ كَلِمَتِهِ : وە بەڕاست دانانی وشەی خۆی، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ **اللّه**

بِأَنْ : بەوەی

يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ : داخیلی بەهەشتی بکات، بیباتە بەهەشتەوە

أَوْ يَرْجِعَهُ : یان بیگەڕێنێتەوە، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی مَنْ

إِلَى مَسْكَنِهِ الَّذِي : بۆ ئەو ماڵەی ئەوتۆ

خَرَجَ مِنْهُ : دەرچووە لێی، دەرچووە لەو ماڵەی، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ مَسْكَن

مَعَ مَا : لەگەڵ ئەوەی

نَالَ : بەدەستی هێناوە

مِنْ أَجْرٍ : لە ئەجر و پاداشت

أَوْ غَنِيمَةٍ : یان غەنیمەت و دەستکەوت

ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر فەرمووەکە

جَاهَدَ فِي سَبِيلِهِ : واتا جیهادی کرد لە پێناو بەرز کردنەوەی تەوحید و لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه

وَتَصْدِيقُ كَلِمَتِهِ : مەبەست تێیدا یان بڕیتیە لە بەڕاست دانانی دوو شاهێدییەکە أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ یە یان بڕیتیە لە بەڕاست دانانی ئەو هەواڵانەی اللَّه تَعالَى باسی کردووە دەربارەی گەورەیی پاداشتی موجاهیدان.

يُدْخِلَـهُ الْجَنَّـةَ : مەبەست تێیدا یان ئەوەیە بیباتە بەهەشتەوە بەبێ لێ پرسینەوە و سزا یان بیباتە بەهەشتەوە هەر لەو کاتەوەی دەمرێت، هەروەک **اللّه تعالَى** فەرموویەتی { وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتَۢاۚ بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ} [آل عمران: ١٦٩]

وە **پێغەمبەر** ﷺ فەرموویەتی { **إِنَّ أَرْوَاحَ الشُّهَدَاءِ فِي طَيْرٍ خُضْرٍ تَعْلُقُ مِنْ ثَمَرِ الْجَنَّةِ، أَوْ شَجَرِ الْجَنَّةِ** }[٥٩]

واتـای فەرمـوودەکە { بێگومان ڕوحی شەهیدەکان لەناو زگی باڵندەیەکی سەوزدان، لە بەروبـوومی بەهەشـت دەخـۆن یـان لە داروبـاری بەهەشـت دەخۆن }

إِلَى مَسْكَنِهِ : دوو خوێندنەوەی تێدایە مَسْكَن و مَسْكِن، جەمع و کۆیەکەی بریتییە لە مَسْاكِن، مَسْكَن واتا ماڵ

[٥٩] رواه الترمذي حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ

بەخشین بۆ جیهاد لە پێناو اللَّه تَعالَى

عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ الْأَنْصَارِيِّ قَالَ

{ جَاءَ رَجُلٌ بِنَاقَةٍ مَخْطُومَةٍ، فَقَالَ : هَذِهِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : لَكَ بِهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ سَبْعُمِائَةِ نَاقَةٍ كُلُّهَا مَخْطُومَةٌ }[٦٠]

واتای فەرموودەکە: لە باوکی مەسعودی ئەنصاریيەوە فەرموویەتی { پیاوێک هات بە وشترێکی جلەوکراوە، جا فەرمووی ئەو وشترە جلەوکراوە لە پێناو **اللَّه تَعالَى** یە - ئەو وشترە سەدەقەیە بۆ جیهاد لە پێناو **اللَّه تَعالَى** - جا **پێغەمبەر** ﷺ فەرموویی: لە بۆ تۆ هەیە لە قیامەت دا لە بری ئەو وشترە دا حەوت سەد وشتر هەر هەموویان جلەوکراون }

واتای وشەکان

جَاءَ رَجُلٌ : پیاوێک هات

بِنَاقَةٍ مَخْطُومَةٍ : بە وشترێکی جلەو کراو

[٦٠] رواه : مسلم والنسائي وابن المبارك وأحمد وابن حبان و الدارمی...

مَخْطُومَـةٍ : لغـاو كـراو، جلّەوكـراو، هەوسـاركراو، دەم و مـل بەپەت بەستراو

فَقَالَ : جا فەرمووی

هَذِهِ : ئەو وشترە جلّەوكراوە

فِي سَـبِيلِ اللَّهِ : لە رِێگای **الـلّـه** یە، لە پێنـاو **الـلّـه** یە، سـەدەقەیە بـۆ بەرزکردنەوەی وشـەی تەوحید

فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ : جا فەرمووی نێردراوی **اللّه**

لَكَ : بۆ تۆ - هەیە -

بِهَـا : بەهـۆی ئەو وشـترە جلّەوکـراوە، البـاءُ للسَّـبَبِيَّة، بەهـۆی ئەو وشترەی بەخشیوتە، لەبری ئەو وشترەی بەخشیوتە

يَوْمَ الْقِيَامَةِ : لە رۆژی قیامەت

سَبْعُمِائَةِ نَاقَةٍ : حەوت سەد وشتر

كُلُّهَا : هەموویان، هەموو ئەو وشترانە، ئەو هائە دەگەڕێتەوە بۆ نَاقَةٍ

مَخْطُومَةٌ : جلّەوکراو و لغاو کراون

ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر فەرموودەکە

نَاقَةٍ :هِيَ الأُنْثَى مِنَ الإِبِل، والجَمْعُ: أَيْنُقٌ و نُوقٌ و نِيَاقٌ، نَاقَةٍ: بەوشتری مێیە دەوترێ جەمع کۆیەکەی بریتیە لە أَيْنُقٌ و نُوقٌ و نِيَاقٌ

هَذِهِ : النَّاقَةُ المَخْطُومة، ئەو وشترە لغاوکراوە

فِي سَبِيلِ اللَّهِ : أي: صدَقةٌ لِلجِهَاد فِي إِعْلاءِ كَلمةِ **اللَّـــه** واتا: ئەو وشترە جلّەوکراوە سەدەقە بۆ تێکۆشان بۆ بەرزکردنەوەی تەوحید و لا إِلَهَ إِلَّا **اللَّه**

سَبْعُمِائَةِ نَاقَةٍ : یەک وشتری دا حەوت سەد وشتر لەجیاتی وەردەگرێتەوە لە قیامەت، یان پاداشتی حەوت سەد وشتری بۆ دەنوسرێت، **اللَّه تَعالَى** ش فەرموویەتی لە قورئان{ مَّثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنبُلَةٍ مِّائَةُ حَبَّةٍ } [سورة البقرة : ٢٦١]

واتـــاکەی { نموونەی ئەو کەسانەی مالّی خۆیان دەبەخشن لە پێناو **اللَّه تَعالَى** دا وەکوو نموونەی جوتیارێک وایە دەنکە دانەوێلّەیەک دەڕوێنێ پاشان ئەو دەنکە حەوت گوڵە گەنم ئەگرێ لەهەر گوڵە گەنمێک دا سەد دەنکی تیایە - واتا دەگاتە حەوت سەد - }

هەڕەشەی نەبەخشین لە پێناو اللە تعالی دا

اللَّه تَعالَى فەرموویەتی { وَأَنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ ۛ وَأَحْسِنُوا ۛ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ }

واتاکەی { ببەخشن لە پێناو **اللَّه تَعالَى** بۆ بەرزکردنەوەی تەوحید و وشەی **اللَّه**، بەدەستی خۆتان خۆتان لەناو مەبەن - بە نەبەخشین لە ڕێی **اللَّه** - وە چاکەکاربن بێگومان **اللَّه** چاکەکارانی خۆش دەوێت }

عَنْ حذيفة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ { وَأَنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ } قَالَ : **نَزَلَتْ فِي النَّفَقَةِ** [٦١]

واتاکەی : لە پێشەوا حوذەیفەوە { وَأَنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ} دەفەرموێ: ئەم ئایەتە دابەزیوە دەربارەی بەخشین لە پێناو **اللَّه**

وَقَالَ القرطبي { **قَالَ حُذَيْفَةُ بْنُ اليَمانِ و ابْنُ عَبَّاسٍ و عَطَاءٌ وعِكْرِمَةُ وَ مُجَاهِدٌ وَجُمْهُورُ النَّاسِ: المَعْنَى: وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ: بِأَنْ تَتْرُكُوا النَّفَقَةَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ** }[٦٢]

واتاکەی: قورتوبی وتوویەتی لە تەفسیرەکەی دا { پێشەوا حوذەیفەی کوڕی یەمان و ابن عباس وعەتاء وعیکریمە وموجاهید وجمهوری خەڵکی وتویانە **و اتای وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ**: لەبەروەی وازتان هێناوە لە بەخشین لە

---

[٦١] رواه البخاري

[٦٢] تفسير القرطبي

پێناو **اللَّه تَعالَى** دا: ڕوونتر بڵێم: به هیلاک دەچن و لەناو دەچن ئەگەر نەبەخشن لەپێناو بەرزکردنەوەی تەوحید وَلَا إِلَهَ إِلَّا **اللَّه**

هەرکاتێک قسەیەکی حەق ئەکەیت یان کارێکی گرنگ دەکەی بۆ دینەکەی **اللَّه** کەسانێکی جاهیلی دونیا ویستی ترسنۆک پێت دەڵێن: بۆ بەدەستی خۆت خۆت بە هیلاک دەدەی، نازانن ئەو ئایەتە لەسەر ئەو کەسانە دابەزیوە کە وازیان هێنابوو لە بەخشین بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای تەوحید و لَا إِلَهَ إِلَّا **اللَّه**

یارمەتی دانی جەنگاوەر لە پێناو اللَّه

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ

{ مَنْ جَهَّزَ غَازِيًا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَقَدْ غَزَا، وَمَنْ خَلَفَ غَازِيًا فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِخَيْرٍ فَقَدْ غَزَا }[٦٣]

واتای فەرموودەکە: **پێغەمبەر** ﷺ فەرموویەتی { هەرکەسێک پێداویستی جەنگاوەرێکی ئامادە کرد لە پێناو **اللَّه تَعالَى** ئەوە بێگومان جەنگ و غەزای کردووە، وە هەر کەسێک ئاگاداری ماڵ و منداڵی جەنگاوەرێک بێت و سەرپەرشتیان بکات بە چاکە لەپێناو **اللَّه تَعَالَى** ئەوە بێگومان جەنگ و غەزای کردووە }

واتای وشەکان

مَنْ جَهَّزَ : هەرکەسێک ئامادەی کرد، ڕێکی خست

غَازِيًا : جەنگاوەرێک، غازیەک، تێکۆشەرێک

[٦٣] رواه : البخاري ومسلم وأبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه والدارمي وأحمد وابن حبان والطبراني والبيهقي

فِي سَبِيلِ اللَّهِ : لە پێناو **اللَّه تَعالَى**، بۆ بەرزکردنەوەی وشەی تەوحید ولَا إِلَهَ إِلَّا **اللَّه**

فَقَدْ غَزَا : بێگومان غەزای کردووە، بێگومان جەنگی کردووە

وَمَنْ : وە هەرکەسێک

خَلَفَ : جێی گرتەوە، هەستا بە شوێنگرتنەوەی لە ئاگاداربوون و سەرپەرشتی کردنی ماڵ و منداڵی جەنگاوەرەکە.

غَازِيًا : غازیەک، جەنگاوەرێک

فِي سَبِيلِ اللَّهِ : لە پێناو **اللَّه**

بِخَيْرٍ : بە خێر و چاکە

فَقَدْ غَزَا : بێگومان غەزای کردووە، بێگومان جەنگی کردووە

ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر فەرموودەکە

مَنْ جَهَّزَ غَازِيًا : أي: هيأ له أسباب سفره، واتا: هۆکارەکانی سەفەری بۆ ئامادە کرد

فَقَدْ غَزَا : **ئیبن حیبان** دەربارەی فَقَدْ غَزَا فەرموویەتی { **إِنَّهُ مِثْلُهُ فِي الأَجْرِ، وَإِنْ لَمْ يَغْزُ حَقِيقَةً** } واتا: یارمەتیدەری موجاهیدەکە پاداشتی وەک موجاهیدەکە وایە، ئەگەرچی لەڕاستی دا خۆشی جیهادی نەکردبێت

بِخَيْرٍ : أي : بالإحسان إليهم بما كان يُحسنه هو حين كان معهم، واتا : بە چاکەکردن لەگەڵیان بەو شێوەیەی کە جەنگاوەرەکە لەگەڵیان چاک بوو لەوکاتەی کە لەلایان بوو

قَالَ **عبد الله بن مسعود** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ { **لَأَنْ أُجَهِّزَ سَوْطاً فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ حَجَّةٍ بَعْدَ حَجَّةِ الإِسْلام** }[٦٤]

واتاکەی: عبداللَّه ی کوڕی مەسعوود فەرموویەتی { ئەگەر قامچیەک ئامادە بکەم لە بۆ جیهاد پێناو **اللَّه تعالَى** خۆشەویستترە لەلام لە حەج کردنێک لەدوای حەجی فەرزەوە }

[٦٤] رواه الطبراني في معجم الكبير

شەهید بەجلی خوێنەوە دەنێژرێت

عَنْ جَابِرٍ قَالَ : قَالَ النَّبِيُّ ﷺ {إِدْفِنُوهُمْ فِي دِمَائِهِمْ " يَعْنِي يَوْمَ أُحُدٍ، وَلَمْ يُغَسِّلْهُمْ}[٦٥]

واتای فەرموودەکە: لە جابرەوە فەرموویەتی: **پێغەمبەر** ﷺ فەرموویەتی { بیان نێژن بە جلی خوێناوییانەوە " واتا لە ڕۆژی جەنگی ئوحود ، وە نەیشۆرین }

واتای وشەکان

ادْفِنُوهُمْ : بیان نێژن ، بیان شارنەوە

فِي دِمَائِهِمْ : بەخوێنەکانیانەوە، بەجلی خوێناوییانەوە

دِمَاء : خوێنەکان جەمع و کۆیە بۆ وشەی دَمْ

يَوْمَ أُحُدٍ : ڕۆژی ئوحود ، جەنگی ئوحود

وَلَمْ يُغَسِّلْهُمْ : وە نەیشۆرین

[٦٥] رَوَاهُ : البُخَارِي و أَحْمَد وغيرهما

ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم فەرموودەیە

لە گێڕانەوەیەکی تردا بەم شێوەیە هاتووە

عَنْ جابر بن عبد الله رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ {... وَأَمَرَ بِدَفْنِهِمْ فِي دِمَائِهِمْ، وَلَمْ يُغَسَّلُوا وَلَمْ يُصَلَّ عَلَيْهِمْ }[٦٦]

واتاکەی: لە جابرەوە **اللَّه تَعالَى** لێی ڕازی بێت فەرموویەتی { **پێغەمبەر** ﷺ فەرمانی کرد بە شاردنەوەیان بە جلی خوێناوییانەوە، وە نەشۆران وە نوێژیشی لەسەر نەکردن }

لەم فەرموودەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەوا **پێغەمبەر** ﷺ نوێژی نەکردووە لەسەر شەهیدی جەنگ و جیهاد، بەڵام فەرموودەیەکی تری صەحیحمان هەیە کە **پێغەمبەر** ﷺ نوێژی کردووە لەسەر شەهیدان، ئەمەش فەرموودەکەیە

عَنْ عقبة بن عامر قَالَ { **صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ** ﷺ **عَلَى قَتْلَى أُحُدٍ** }[٦٧]

واتاکەی: لە عوقبەی کوڕی عامرەوە فەرموویەتی { **پێغەمبەر** ﷺ نوێژی کرد لەسەر کۆژراوانی جەنگی ئوحود }

بۆیە زانایان جیاوازن لەسەر ئەوەی نوێژ لەسەر شەهیدی جەنگ و جیهاد دەکرێت یان نا، پێشەوا مالیکی کوڕی ئەنەس و پێشەوا شافیعی

---

[٦٦] رواه البخاري

[٦٧] متفق عليه

خۆشەویست و پێشەوا ئەحمەد لە وتەیەکی دا پێیان وایە نوێژ ناکرێت لەسەر شەهید.، پێشەوا ئەحمەد لە وتەیەکی تریدا دەفەرموێت ئەگەر نوێژیشی لەسەر بکرێت کێشە نییە

وَقَالَ سليمان بن ناصر العلوان { وَأَصَحُّ الأَقْوالِ فِي المَسْئَلَةِ: أَنَّهُ مُخَيَّرٌ بَيْنَ الصَّلاةِ عَلَيْهِ وَتَرْكِهِ لِمَجِيءِ الأَحَاديثِ بِكُلِّ واحِدٍ مِنَ الأَمْرَيْنِ }

واتاکەی: سولەیمانی کوڕی ناصر العلوان وتوویەتی { ڕاستریتی وتان لەم بابەتەدا: ئەوەیە سەرپشک دەکرێت لە نێوان نوێژ لەسەر کردنی و نوێژ لەسەر نەکردنی لەبەر هاتنی فەرموودەکان بە هەردوو جۆرییەوە، واتا دروستە نوێژ لەسەر کردن و نوێژ لەسەر نەکردنی }

عَنْ عبد الله بن عمر : {أَنَّ عُمَرَبْنَ الْخَطَّابِ غُسِّلَ، وَكُفِّنَ، وَصُلِّيَ عَلَيْهِ، وَكَانَ شَهِيدًا، يَرْحَمُهُ اللَّهُ }[٦٨]

واتاکەی: لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە **اللّه تعالَى** لێیان ڕازی بێت فەرموویەتی {بێگومان عومەری کوڕی خەتاب شۆردرا و کفن کرا و نوێژی لەسەرکرا، وە عومەر شەهید بوو **اللّه تعالَى** ڕەحمی پێ بکات }

پێشەوا مالیکی کوڕی ئەنەس فەرموویەتی { عَنْ أَهْلِ الْعِلْمِ ، أَنَّهُمْ كَانُوا يَقُولُونَ : الشُّهَدَاءُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ لَا يُغَسَّلُونَ، وَلَا يُصَلَّى عَلَى أَحَدٍ مِنْهُمْ، وَإِنَّهُمْ يُدْفَنُونَ فِي الثِّيَابِ الَّتِي قُتِلُوا فِيهَا }

---

[٦٨] موطأ مالك

واتـاکەی { لە ئەهلی علم و زانستەوە ئەوان دەیان وت: شەهیدانی جەنگ و جیهاد لە پێناو **اللّه** ناشۆردرێن، وە نوێژ لەسەر هیچیان ناکرێت، وە بێگومان هەر لەو جلە دا دەشاردرێنەوە کە تێیدا کوژراون }

قَالَ مالك : وَتِلْكَ السُّنَّةُ فِيمَنْ قُتِلَ فِي الْمُعْتَرَكِ، فَلَمْ يُدْرَكْ حَتَّى مَاتَ. قَالَ : وَأَمَّا مَنْ حُمِلَ مِنْهُمْ، فَعَاشَ مَا شَاءَ اللَّهُ بَعْدَ ذَلِكَ ؛ فَإِنَّهُ يُغَسَّلُ، وَيُصَلَّى عَلَيْهِ، كَمَا عُمِلَ بِعُمَرَبْنِ الْخَطَّابِ }[٦٩]

واتـاکەی: پێشەوای خۆشەویست مالیکی کوڕی ئەنەس فەرموویەتی { ئەوە سوننەتە بۆ ئەو کەسەی کوژراوە لە شوێنی جەنگ و کوشتاردا، جا پێی نەگەن تاوەکوو دەمرێت - ئەوە ناشورێت و نوێژی لەسەر ناکرێت - پێشەوا مالیک فەرمووی: ئەو کەسەی هەڵدەگیرێت لە بریندارانجا دەژی ئەوەندەی **اللّه** بیەوێت دوای بریندارییەکەی پاشان وەفات دەکات ئەوە دەشۆردرێت و نوێژی لەسەر دەکرێت وەکوو ئەوەی کرا بۆ پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب }

تەنها ئەو شەهیدە بە جلی خوێناوییەوە دەنێژرێت کە لە جەنگ و جیهاد دا کوژراوە نەک جۆرەکانی تری شەهید

[٦٩] موطأ مالك

بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێری موجاهیدانە

قَالَ رَسُولُ اللَّه ﷺ

{ وَاعْلَمُوا أَنَّ الْجَنَّةَ تَحْتَ ظِلَالِ السُّيُوفِ }[٧٠]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی{وە بزانن بێگومان بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێرەکانە }

واتای وشەکان

وَاعْلَمُوا : وەبزانن

أَنَّ : بێگومان

الْجَنَّةَ : بەهەشت

تَحْتَ : لەژێر

ظِلَالِ : سێبەرەکان کۆی (ظِل)یە ظِل واتا سێبەر

السُّيُوفِ : شمشێرەکان ، شیرەکان ، خەنجەرەکان ،، سُیُوف کۆی (سَیْف)یە سَیْف واتا شمشێر

[٧٠] رواه : البخاري و مسلم و أبو داود و الترمذي و أحمد وابن أبي شيبة و الحاكم و البيهقي

ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم فەرموودەیە

السُّـيُوفِ : لەم فەرمـوودەیەدا تەنهـا شمشـێر باسـکراوە چـونکە شمشـێر لەهەموو ئالەتەکانی تری جەنگ و جیهاد زیاتر بەکار دەهێنرا لەوکات

أَنَّ الْجَنَّةَ تَحْتَ ظِلَالِ السُّيُوفِ : بێگومان جەنگ و جیهاد باشترین ڕێگایە بۆ چوونە بەهەشتەکەی **اللَّه تعالَى**

خۆزگە مەخوازن بگەن بە دوژمن

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ

{ لَا تَمَنَّوْا لِقَاءَ الْعَدُوِّ، فَإِذَا لَقِيتُمُوهُمْ فَاصْبِرُوا }[٧١]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی { خۆزگە مەخوازن بگەن بە دوژمن، خۆ ئەگەر پێیان گەیشتن و ڕووبەڕوویان بوونەوە ئەوە ئارام بگرن }

واتای وشەکان

لَا تَمَنَّوْا لِقَاءَ الْعَدُوِّ : خۆزگە مەخوازن بگەن بە دوژمن، تەمەنا مەکەن بگەن بە دوژمن

لَا تَمَنَّوْا : خۆزگە مەخوازن، تەمەنا مەکەن

لِقَاءَ : گەیشتن

الْعَدُوِّ : دوژمن

فَإِذَا : جا ئەگەر

[٧١] رواه : البخاري ومسلم وأحمد والطبراني وابن عوانة والبيهقي

لَقِيتُمُوهُمْ : گەیشتن پێیان، گەیشتنە دوژمن، وشەی هُمْ دەگەڕێتەوە بۆ الْعَدُوِّ

فَاصْبِرُوا : ئارام بگرن، صەبر بگرن

ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم فەرمودەیە

لَا تَمَنَّـوْا : ئەسڵەکەی لَا تَتَمَنَّـوْا بـووە و یەک لەم دوو تـائە حەذفکـراوەو ڕەشکراوەتەوە

لِقَـاءَ الْعَـدُوِّ : ئیضـافەی چـاوگە بـۆ لای مەفعـولەکەی دوای حەذفکردنـی فاعیل، لە ئەسڵ دا بەم شێوەیە لقاءکم العدو واتا گەیشتنتان بە دوژمن

خێر بەنێوچەوانی ئەسپەکانەوەیە تا قیامەت

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ

{ الْخَيْلُ فِي نَوَاصِيهَا الْخَيْرُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ }[٧٢]

واتای فەرموودەکە: **پێغەمبەر** ﷺ فەرموویەتی{ئەسپ خێری و بەرەکەتی بە نێوچەوانەوە هەیە تا ڕۆژی قیامەت(بەهۆی ئەسپەوە پاداشت و غەنیمەت بەدەست دەهێنرێت)}

واتای وشەکان

الْخَيْلُ : ئەسپ

نَوَاصِيهَا : نێوچەوانی ئەسپەکان، ئەم هاتە بۆ خَيْل دەگەڕێتەوە ، نَوَاص کۆی ناصِيَة یە

الْخَيْرُ : خێر ، چاکە ، بەرەکەت

إِلَى : تا

يَوْمِ الْقِيَامَةِ : ڕۆژی قیامەت

[٧٢] رواه : البخاري و مسلم و النسائي و ابن ماجه و أحمد و مالك وابن حبان والبيهقي

ڕوون کردنەوەی زیاتر لەسەر فەرموودەکە

الْخَيْلُ : المراد ما يتخذ للغزو، مەبەست لە ئەسپ ئەو ئەسپەیە کە ئامادە دەکرێت بۆ جەنگ و جیهاد

بِالنَّاصِيَةِ : المراد، الشَّعْرُ الْمُسْتَرْسِلُ عَلَى الجَبْهَةِ : مەبەست لە ناصية لەم فەرموودەیەدا ئەو پرچەیە بە نیوچەوانی ئەسپ دا شۆڕبۆتەوە

الخَيْرُ : وَقَدْ جَاءَ تَفْسِيرُهُ بِالْأَجْرِ وَالغَنِيمَةِ واتا: خَيْر هاتووە لە تەفسیرەکەی دا بە پاداشت و دەسکەوت و غەنیمەت

إِلَى يَوْمِ القِيامَةِ : فِيهِ بَشَارَةٌ إِلَى أَنَّ الجِهَادَ مَاضٍ ، وَمُسْتَمِرٌّ إِلَى يَوْمِ القِيامَةِ

إِلَى يَوْمِ القِيامَةِ : ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە جیهاد هەردەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت تا ڕۆژی قیامەت

قَالَ ابن عبد البر { وَقَدِ اسْتَدَلَّ جَمَاعَةٌ مِنَ العُلَماءِ بِأَنَّ الجِهادَ مَاضٍ إِلَى يَوْمِ القِيامَةِ}[٧٣]

واتا: ابن عبد البر فەرموویەتی { کۆمەڵێک لەزانایان ئەم فەرموودەیە دەکەنە بەڵگە کە جیهاد و تێکۆشان دەمێنێتەوە تا ڕۆژی قیامەت }

قَالَ أحمد بن حنبل { أَنَّ الْجِهَادَ مَعَ كُلِّ إِمَامٍ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ }[٧٤]

---

[٧٣] التَّمْهِيد لابن عبد البرّ ١٤ / ٩٧

[٧٤] سنن الترمذي

واتاكەی: پێشەوای ئەهلی سوننەو جەماعە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەرموویەتی: دەربارەی ئەم فەرموودەیە **الْخَيْرُ مَعْقُودٌ فِي نَوَاصِي الْخَيْلِ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَة** { بێگومان جیهاد و تێکۆشان لەگەڵ هەموو پێشەوایەک دا هەتا ڕۆژی قیامەت دەمێنێتەوە }

وَقالَ البخاري فِي صَحِيحِهِ { **بَابٌ : الْجِهَادُ مَاضٍ مَعَ الْبَرِّوَالْفَاجِرِ؛ لِقَوْلِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " الْخَيْلُ مَعْقُودٌ فِي نَوَاصِيهَا الْخَيْرُإِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ** }

واتاكەی: پێشەوا بوخاری فەرموویەتی لە صەحیحەکەی دا { جیهاد و تێکۆشان هەر دەمێنێتەوە لەگەڵ پێشەوای چاک و خراپ دا..... }

وە هەروەها کەوسەج دەڵێت پرسیارم کرد لە پێشەوا ئەحمەد دەربارەی ئەو فەرموودەیە { **الْخَيْرُ مَعْقُودٌ فِي نَوَاصِي الْخَيْلِ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ** }

پێشەوا ئەحمەد فەرمووی: **الجِهادُ إِلَى يَوْمِ القِيامَة** : واتا جیهاد و تێکۆشان هەتا قیامەتە، پێشەوا ئیسحاقی ڕاهویەی فەرمووی جیهاد و تێکۆشان هەتا ڕۆژی قیامەتە هەروەک پێشەوا ئەحمەد فەرموویەتی }[٧٥]

ئەم فەرموودەیە لە گێڕانەوەیەکی تردا بەم شێوەیە هاتووە، قَالَ **رَسُولُ اللَّهِ** ﷺ{ **الْبَرَكَةُ فِي نَوَاصِي الْخَيْلِ** }[٧٦]

وە لەگێڕانەوەیەکی تردا بەم شێوەیە هاتووە قَالَ **رَسُولُ اللَّهِ** ﷺ{**الْخَيْلُ مَعْقُودٌ فِي نَوَاصِيهَا الْخَيْرُإِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ** }[٧٧]

---

[٧٥] كتاب المسائل رواية الكوسج

[٧٦] مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

[٧٧] مُتَّفَقٌ عَلَيْه

جيهاد كردن تا قيامەت دەمێنێت

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ

{ لَا تَزَالُ عِصَابَةٌ مِنْ أُمَّتِي يُقَاتِلُونَ عَلَى أَمْرِ اللَّهِ، قَاهِرِينَ لِعَدُوِّهِمْ، لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَالَفَهُمْ حَتَّى تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ وَهُمْ عَلَى ذَلِكَ }[٧٨]

واتای فەرموودەکە: **پێغەمبەر** ﷺ فەرموویەتی { بە بەردەوامی کۆمەڵێک لە ئوممەتەکەم دەجەنگن لەسەر دین و فەرمانی **اللّٰه**، سەرکەوتوو و براوەن بەسەر دوژمنانیان، نەیارانیان ناتوانن زیانیان لێ بدەن تاوەکوو قیامەت دێت ئەوان هەر لەسەر ئەم حاڵە دەمێننەوە }

واتای وشەکان

لَا تَزَالُ : بەردەوام، بە بەردەوامی

عِصَابَةٌ : کۆمەڵێک، جەماعەتێک

مِنْ أُمَّتِي : لە ئوممەتەکەم

يُقَاتِلُونَ : دەجەنگن، کوشتار ئەکەن، شەڕ ئەکەن

[٧٨] رواه : مسلم وابن حبان والطبراني والحاكم وابن عوانة

عَلَى أَمْرِ اللَّهِ : لەسەر فەرمانی **اللَّه**، لەسەر دینی **اللَّه**، لەبەر ئەوەی **اللَّه** فەرمانی شەڕکردنی داوە

قَاهِرِينَ : براوەن، زاڵن، سەرکەوتوون

لِعَدُوِّهِمْ : بەسەر دوژمنانیان، وشەی هُمْ دەگەڕێتەوە بۆ عصَابة

لَا يَضُرُّهُمْ : زەرەر لەوان نادات، زیان لەو کۆمەڵە موجاهیدە نادات، وشەی هُمْ دەگەڕێتەوە بۆ عِصَابَة

مَنْ خَالَفَهُمْ : ئەوەی پێچەوانەیان ئەکات، ئەوانەی موخالیفی ئەو کۆمەڵە دەکەن، وشەی هُمْ دەگەڕێتەوە بۆ عِصَابَة

حَتَّى تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ : هەتا بۆیان دێت قیامەت، تا قیامەتیان بەسەر دا دێت

وَهُمْ عَلَى ذَلِكَ : وە ئەوان لەسەر ئەم شێوەو حاڵەن، وە ئەو کۆمەڵەیە هەر شەڕ ئەکەن و براوەن بەسەر دوژمنانیان

ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر فەرموودەکە

لَا تَزَالُ : ئەم لایە لای نافیەیە بۆیەش فعلەکەی دوای خۆی مەرفوعە، تَزَالُ : فیعلی موضاریعی زَيِلَ یە وەکوو عَلِمَ يَعْلَمُ

لَا تَزَالُ : المراد به: ملازمة الشيء مەبەست لێی بەردەوامبوونی شتێکە

عِصَابَةٌ مِنْ أُمَّتِي : أي جماعة منهم: واتا کۆمەڵێک لەوان لە ئوممەتەکەم

يُقَاتِلُونَ عَلَى أَمْرِ اللَّهِ : أي : لأجل ما أمر **اللَّـه تَعَـالَى** بمقاتلته واتا : شەڕ ئەکەن لەبەر ئەوەی **اللَّه تَعالَى** فەرمانی کردووە بەشەڕکردنیان

وَهُمْ عَلَى ذَلِكَ : أي : والحال أنهم مقاتلون قاهرون لعدوهم : واتا : حاڵی ئەم کۆمەڵە ئەوەیە شەڕ ئەکەن و سەرئەکەون بەسەر دوژمنانیاندا

قَالَ *سليمان بن ناصر العلوان* { وَقَدْ رُوِيَ مِنْ وُجُوهٍ كَثِيرَةٍ وَهُوَ مُتَوَاتِرٌ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ }

واتـــاکەی: سولەیمانی کوڕی ناصر العلوان وتوویەتی { ئەم فەرموودەیە ڕیوایەت کراوە بە چەندین شێوەوە، وە ئەم فەرموودەیە موتەواترە لە **پێغەمبەرەوە** ﷺ }

زانیانی ئومەت فەرموویانە دەربارەی ئەم فەرموودەیە

قَالَ ابن المبارك رَحِمَهُ اللَّه { هُمْ عِنْدي أَصْحَابُ الحَديثِ }

واتاکەی: پێشەوا عبداللَّه ی کوڕی موبارەک فەرموویەتی { ئەو کۆمەڵە لەلای من فەرموودە ناسانن }

وَقَالَ أحمد بن حنبل رَحِمَهُ اللَّهُ { إِنْ لَمْ يَكُونُوا أَهْلَ الحَديثِ فَلا أَدْري مَنْ هُمْ ؟}

واتاکەی: پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەرموویەتی { ئەگەر ئەو کۆمەڵەیە فەرموودەناسان نەبن ئەوە نازانم ئەوان کێن ؟ }

قَالَ علي بن المديني { هُمْ أَصْحَابُ الْحَدِيثِ }

واتاکەی: پێشەوا عەلی کوڕی مەدینی فەرموویەتی { ئەو کۆمەڵەیە فەرموودە ناسانن}

قَالَ البخاري رَحِمَهُ اللَّه { وَهُمْ أَهْلُ الْعِلْمِ }

واتاکەی: پێشەوا بوخاری فەرموویەتی { ئەو کۆمەڵەیە خاوەن علم و زانستن}

بەڵێ بێگومان فەرموودەناسانی ئوممەت گەورەترین جەنگیان کردووە و هەموو هەوڵێکیان داوە بۆ پاراستنی دین و سوننەت

قَالَ أحمد بن حنبل رَحِمَهُ اللَّهُ { وَالجِهَادُ مَاضٍ مُنْذُ بَعَثَ اللَّهُ مُحَمَّدًا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى آخِرِ عُصْبَةٍ يُقَاتِلُونَ الدَّجَّال }

واتـــاكەی: پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەرمووێتی { جیهاد هەر دەمێنێتەوە لەوکاتەی **اللّه پێغەمبەری** ﷺ ناردووە تا کۆتا کۆمەڵ کە لەگەڵ دەججال دەجەنگن }

قَالَ أبو زرعة الرازي و أبو حاتم الرازي رَحِمَهُما اللَّهُ { وَأَنَّ الجِهَادَ مَاضٍ مُنْذُ بَعَثَ اللَّهُ عَزَّوَجَلَّ نَبِيَّهُ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى قِيامِ السَّاعَة }[٧٩]

واتـــاكەی: ئەبو زورعە و ئەبو حاتم الرازی کۆدەنگی هەموو زانایانی سەلەفیان نەقلکردووە بۆمان و فەرموویانە { بێگومان جیهاد هەر دەمێنێتەوە لەوکاتەی **اللّه پێغەمبەری** ﷺ ناردووە هەتا قیامەت }

قال الإمامُ أبو عوانة رَحِمَهُ اللَّهُ: بَابُ بَيَانِ إِثْبَاتِ الْجِهَادِ { وَ أَنَّهُ مَاضٍ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ، وَ أَنَّهُ لَا يَزَالُ قَوْمٌ مِنْ أُمَّةِ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى الْحَقِّ يَذُبُّونَ عَنِ الدِّينِ ، وَيُقَاتِلُونَ عَنْهُ ، وَيُنْصَرُونَ عَلَى مَنْ خَالَفَهُمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ }[٨٠]

واتـــاكەی: ئەبو عەوانە بابێکی هێناوەتەوە بەناوی بەیانکردنی جێگیربوونی جیهاد و تێکۆشان، دەفەرموێت { جیهاد و تێکۆشان تا قیامەت دەمێنێتەوە، وە بەردەوام کۆمەڵێک دەمێننەوە لە ئوممەتی **موحەممەد** ﷺ لەسەر حەق

---

[٧٩] عقيدة الرازيين

[٨٠] مستخرج أبي عوانة

و بەرگری دەکەن لەدین، وە شەڕئەکەن لە پێناو دین، وە براوەن بەسەر ئەو کەسانەی موخالیفیانن هەتا ڕۆژی قیامەت}

قَـال الـنـووي { أنَّ هَـذِهِ الطَّائِفَـةَ مُفرقَـةٌ بَيْنَ أَنْـواعِ المُؤْمِنينَ مِنْهُمْ شُجْعانٌ مُقـاتِلُونَ ، ومَنْهمْ فُقَهـاء، ومِنْهُم مُحَـدِّثون ، ومنهم زُهَّـادٌ وآمِـرُونَ بـالمعْرُوف وناهُون عَنِ المُنْكر...}

واتـــاکەی: نەوەوی وتـوویەتی { ئەم کـۆمەڵەیە بـڵاون لە نێـوان بـڕوادارانن دا، هەندێکیان ئازاو سـوارچاکن و جەنگ و جیهاد دەکەن،

وە هەنـدێکیان شـەرعزانن، وە هەنـدێکیان فەرموودەناسـن، وەهەنـدێکیان زاهید و دونیـا نەویسـتن، وە هەندێکیان فەرمانکەرن بەچاکە و ڕێگری کەرن لە خراپە }

ئەم وتەیەی نەوەوی شـــــیاوترین و جـــــوانترین وتەیە لەبـــــارەی ئەم فەرموودەیەوە، تایبەت کردنی ئەم فەرموودەیە بەیەک چین و کۆمەڵ جێگای سەرنج و بیرکردنەوەیە

گەورەیی پاسەوانی و سەنگەرگرتن

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ

{ رِبَاطُ يَوْمٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا عَلَيْهَا، وَمَوْضِعُ سَوْطِ أَحَدِكُمْ مِنَ الْجَنَّةِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا عَلَيْهَا، وَالرَّوْحَةُ يَرُوحُهَا الْعَبْدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَوِ الْغَدْوَةُ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا عَلَيْهَا }[٨١]

واتای فەرموودەکە: **پێغەمبەر** ﷺ فەرموویەتی { پاسەوانی کردن و سەنگەر گرتنی ڕۆژێک لە پێناو **اللّٰه تَعالَى** باشترە لە دونیاو ئەوەی لەسەر دونیایە، وە شوێنی قامچی یەکێک لە ئێوە لە بەهەشت دا باشترە لە دونیا و ئەوەی لەسەریەتی، وە دەرچوونی ئێوارەیەک کە بەندە دەربچێت تێیدا لەپێناو **اللّٰه تَعالَى** یان دەرچوونی بەیانییەک لە پێناو **اللّٰه** دا باشترە لە دونیا و ئەوەشی لەسەر دونیایە }

[٨١] رَوَاهُ البُخَارِي و الترمذي و أحمد

واتای وشەکان

رِبَاطُ : سەنگەر گرتن، سەنگەر نشین، پاسەوانی کردن لەسنووری ئیسلام دژ بە دوژمنانی ئیسلام، خۆ جێگیرکردن و بەستنەوە لە سەنگەری ئیسلام

يَوْمٍ : ڕۆژێک

فِي سَبِيلِ اللَّهِ : لە پێناو **اللّه تَعالَى**

خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا : باشترە لە دونیا

وَمَا عَلَيْهَا : وە ئەوەی لەسەر دونیایە، وە باشترە لەوەی لەسەر زەویش هەیە

وَمَوْضِعُ : وە شوێن و جێگای

سَوْطِ أَحَدِكُمْ : قامچی یەکێک لە ئێوە، سَوْط واتا قامچی

مِنَ الْجَنَّةِ : لە بەهەشت دا

خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا : باشترە لە دونیا

وَمَا عَلَيْهَا : وە ئەوەی لەسەر دونیایە، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ الدُّنْيا

وَالرَّوْحَةُ : وە دەرچوونی ئێوارەیەک

يَرُوحُهَـا الْعَبْـدُ : بەنـدە تێیـدا دەربچێـت، ئەو هـائە دەگەڕێـتەوە بـۆ وَالرَّوْحَةُ

فِي سَبِيلِ اللَّهِ : لە پێناو **اللّه تَعالَى**

أَوِ الْغَدْوَةُ خَيْرٌ : یان دەرچوونی بەیانییەک باشترە

مِنَ الدُّنْيَا وَمَا عَلَيْهَا : لە دونیاو ئەوەی لەسەر دونیایە

ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر فەرموودەکە

قَالَ ابن حجر في الفَتْح { الرِّباطُ بِكَسْرِ الرَّاء : مُلازَمَةُ المَكَانِ الذي بَينَ المُسْلِمينَ والكُفَّارِلِحِراسَةِ المُسْلِمينَ مِنْهُمْ }

واتاکەی: ئیبن حەجەر وتوویەتی { وشەی الرِّباط بە کەسرەی ڕائەکە واتا پەیوەست بوون بەو شوێنەی کەلەنێوانی مسوڵمانان و کافران دایە بۆ پاسەوانی و پاراستنی مسوڵمانان لە کافر و موشریکان }

اللَّه تعالَى فەرموویەتی { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اصْبِرُوا وَصَابِرُوا وَرَابِطُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ }[سورة آل عمران : ٢٠٠]

واتای ئایەتەکە { هۆ ئەوانەی بڕواتان هێناوە ئارام بگرن لەسەر طاعەتی **اللَّه** و ئارام بگرن لەبەرامبەر دوژمنانی **اللَّه** وە پاسەوانی بکەن لە سنوورەکانی دەوڵەتی ئیسلام لە پێناو **اللَّه** وە لە **اللَّه** بترسن سەربەرز و براوە ئەبن }

قَالَ خالد بن معدان { **كَانُوا لَا يُفَضِّلُونَ عَلَى الرِّباطِ شَيْئاً** }[٨٢]

واتاکەی: خالیدی کوڕی مەعدان فەرموویەتی { سەلەف هیچ شتێکیان بەگەورتر دانەدەنا بەسەر ڕیباط و سەنگەر نشینی دا }

قَالَ أحمد بن حنبل رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى { **لَيْسَ يَعْدِلُ الجِهَادَ عِنْدي والرِّبَاطَ شَيْءٌ**}[٨٣]

واتاکەی: پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەرموویەتی { لەلای من هیچ شتێک یەکسان نییە بە تێکۆشان و سەنگەر گرتن }

---

[٨٢] حلية الأولياء

[٨٣] المغني لابن قدامة المقديسي

گەورەیی پاسەوانی و سەنگەرگرتن

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ

